# قەیرانی ئاوارەکانی عێراق
ڕاپۆرتی حالەت ژمارە. ٩ (٢٣ی ئاب – ٢٩ی ئاب)

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن نووسینگەی ڕێکخەری کاروباری مرۆیی لە عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانی مرۆیی ئامادەکراوە. ماوەی ٢٣ی ئاب هەتا ٢٩ ئاب لە خۆدەگرێت. لەبەر گۆڕانی هەرەمەکی بارودۆخەکە ئەگەر هەیە کە ژمارەکان و شوێنەکان بە لیستێك دانراون لەو ڕاپۆرتە چیتر دەقیق نەبێت. ڕاپۆرتی داهاتوو لە دەوروبەری ٥ی ئەیلول دا بڵاودەبێتەوە.

## هەواڵە سەرەکیەکان




*The boundaries and names shown and the designations used on this map do not imply official endorsement or acceptance by the United Nations. The data for this map has a limited number of sources, including parties to the conflict. The data has not been independently verified and is subject to error or omission, deliberate or otherwise by the various sources. Due to the fluidity of the conflict, humanitarian access areas are likely to change.*

- زیاترلە ١،٨ ملیۆن خەڵك مەزەندە دەکرێ لەسەرتاسەری وولأت ئاوارە بن.
- دابینکردنی شوێنی نیشتەجێ ی ڕێك و پێك بۆ ئاوارەکان نیگەرانی سەرەکی و پێویستی سەرەکیە لەسەرتاسەری وولأت، هەروەك ئاوارەکان بەردەوامن لە داگیرکردنی بەڵخانە تەواونەکراوەکان، قوتابخانەکان، مزگەوتەکان و کڵێساکان.
- ٥٢ گەشتی بارهەڵگر گەیشتوەتە هەولێرلە هەفتەکانی ڕابردوو، کە هەڵساوە بە گەیاندنی نزیکەی ٥٤٠٠ تەن چوارگۆشە لە کۆمەکی مرۆیی.
- زیادبوونی نەخۆشیە گواستراوەکان کە دەگەڕێتەوە بۆ سنورداری دەستگەیشتن بە ئاو و پێداویستی خاوێنکەرەوە.

## تێروانینێکی بارودۆخەکە

لێشاوی ئاوارەکان و سروشتی ململانێیەکە چاودێری کردن و بەدواداچوونی ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکان لەسەرتاسەری وولأت قورستر دەکات، کە زۆربەی جار لە ماوەیەکی کەم ڕوودەدات. ئەم هەفتەیە نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەی پلانی ئاوارە نوێیەکان ڕاگەیاندووە لە عێراق کە ١،٨ ملیۆن خەلکە لەسەرتاسەری وولأت. لەو ١،٨ ملیۆنە، حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەتەوە یەکگرتووەکان دەیخەملێنن کە ٨٥٠٠٠٠ ئاوارە لەم ساڵەدا گەیشتونەتە هەرێم، زۆربەی هەرە زۆری لە ١١ هەفتەی رابردوو بووە. حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری لەگەڵ هاوکارانی مرۆیی، بەردەوامن لە دابینکردنی یارمەتی بۆ ئاوارەکان، بەڵام پێویستیەکان گەلێك زۆرن. نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوکارانی نێودەوڵەتی هەوڵەکان چڕدەکەنەوە بە زووترین کات. هەرچەندە، لە ڕاستیدا کە ئاوارەکان پەرش و بڵاوبوونەتەوە بە درێژایی ژمارەیەکی بەرفراوان لە شوێنەکان ئەمەش تەحەددایەکی بەرچاو دەخولقێنێ بۆ وەڵامدانەوەیەکی کاریگەر.

لە هەفتەی ڕابردوودا، سەر لە نوێ بەهۆی شەڕ لە پارێزگاکانی ناوەندی ئاوارەبوونی زیاتری دانیشتوانی لێکەوتۆتەوە کە زیاتر لە ١٠٠٠٠ خێزان ڕاپۆرت کراون گەیشتبێتنە خانەقین (دیالە)، هەڵاتن بەهۆی بەردەوامی ململانێ لەسەرتاسەری پارێزگاکە. هێرشە ئاسمانیەکانی نزیك تکریت (سەلاحەددین) بۆتە هۆی ئاوارەبوونی زیاتری خەڵکەکە لەناو پارێزگاکە. بە سەدان خێزان ڕاپۆرتکراون کە بجولێن بەرەو باشوری وولأت، بەتایبەتی بۆ بەسرا.

+ For more information, see “background on the crisis” at the end of the report

شەڕکردن و هێرشە ئاسمانیەکانی نزیك ئامرلی (سەڵاحەددین) چڕدەبێتەوە. ٣٥ گوند لە دەوروبەری ئامرلی لەژێر کۆنترۆڵی تەواوی دەوڵەتی ئیسلامی دایە لە عێراق. ڕاپۆرتەکان لەبارەی ژمارەی ئەو خەڵکەی کە هێشتا گیریان خواردووە لەو شارۆچکەیە کە گەمارۆدراوە لەلایەن داعش بۆ ماوەی ٨٢ ڕۆژدەبێت (هەروەك لە (٢٨ی ئاب) بەشێوەیەکی گەلێك زۆر دەگۆڕێ ، و ئێستا دەخەملێنرێ بە ١٠- ١٤٠٠٠ مەدەنی کە لەوانەیە پێویستیان بە هاوکاری بەپەلە هەبێت. حکومەتی عێراق ٢٥ نیشتنەوەی هەلیکۆپتەری ئەنجامداوە بۆ ناو ئامرلی بۆ دابینکردنی خۆرك و هەروەها چەکەکان و هێنانە دەرەوەی ژمارەیەکی سنوردار لە خەڵك، زۆربەیان منداڵ و خەڵکی بەتەمەنن. هەندێ ئاماژە هەن کە ئاو و هەبوونی چارەسەری تەندروستی بریتین لە کێشە گەورەکان.

شوێنی حەوانەوەی ڕێك و پێك وەکو کلیلی نیگەرانی و پێویستی سەرەکی دەمێننەوە لەسەرتاسەری وولات، هەروەك ئاوارەکان بەردەوامن لە داگیرکردنی باڵەخانە تەواونەکراوەکان، قوتابخانەکان، مزگەوتەکان و کڵێساکان، یان لە شوێنی کراوە دەژین. لە ٢٧ی ئاب، چوار کەمپ کرانەوە (یەکیان لە هەولێر، سێیانیان لە دهۆك)، بە نیشتەجێکردنی نزیکەی ( ٢٠٠٠٠ خەڵك). لە دیالە، چوار شوێنی کەمپ دەستنیشانکراون بەڵام تەنها توانای لەخۆگرتنی نزیکەی لەسەدا ٣٠ دانیشتوانی ئاوارەکانی هەیە لە پارێزگاکە. هەڵبژاردەکانی شوێنی حەوانەوەی جێگرەوە بەپەلە لەبەرچاو گیراون. زیاتر لە ٢٠٠٠ قوتابخانە تاوەکو ئێستا لەلایەن ئاوارەکان داگیرکراون و پێشبینی دەکرێ کە ساڵی دەستپێکی خوێندن دوابکەوێت هەروەك هەڵبژاردەکانی تری شوێنی حەوانەوە هێشتا دەبێت دەستنیشان بکرێن.

لەهەولێکدا بۆ هاوکاریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تۆڕی هاوکارانی شوێنی حەوانەوە ۆرك شۆپێکیان لەم هەفتەیە ئەنجامدا بۆ دڵنیاکردنەوەی پلانێکی ڕێکخراو ڕێك و پێکتر بۆ قۆناغی فریاکەوتن هەروەها دانانی بنەما بۆ وەڵامدانەوەی شوێنی حەوانەوەی گواستراوە. ۆرك شۆپە یەك ڕۆژیەکە بەژداری نوێنەران لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، وەزارەتی پلاندانان، ئەنجومەنی کۆچبەرانی هەولێر، و سەنتەری گەشەسەندن و پەرەپێدان. تۆڕی دابینکارانی شوێنی حەوانەوە و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵسان بە پۆلین کردنی ئەو خێزانانەی کە لە قوتابخانەکان دەژین نزیکەی (١٤٠٠٠٠) خێزان دەبن و ئەوانی تر لە مزگەوتەکانن وباڵەخانە چۆڵکراوەکان، شوێنی حەوانەوەی جۆری تر لەوانە نیشتەجێبوونی نافەرمی و کەمپی پلان بۆدانراو بۆ شوێنی حەوانەوە و خزمەتگوزاریەکان کە پێویستە کۆتاییان پێبهێنرێت پێش دەستپێکی وەرزی زستان. ٢٦ شوێن بۆ کەمپەکان دەست نیشان کراون لە سێ پارێزگاکەی باکور، بە توانای لەخۆگرتنی نزیکەی ٢٤٠٠٠٠ کەس. سەرچاوەکانی ئێستا کە هەن بەشی ئەوە ناکات کە کەمپەکانی پێ تەواو بکرێت وهەندێ لەو بڕیارانەی کە دراون هێشتا نەبوونەتە پابەدنبوونی پتەو. چارەسەریەکانی جێگرەوە، لەوانە بەکارهێنانی کەرتی تایبەت، میکانیزمی پاراستنی مەدەنی، و هەتا ئەگەری یەکەکانی ئەندازیاری سەربازی لە ئارادان وەکو هەڵبژاردنێك بۆ باشترکردنی توانای وەلامدانەوەی بەپەلە.

## وەڵامدانەوەی مرۆیی

٥٢ گەشتی بارهەڵگر گەیشتوونەتە هەولێرلە هەفتەکانی ڕابردوو، هەڵساون بە گەیاندنی نزیکەی ٥٤٠٠ تەن مەتری چوارگۆشە لە کۆمەکی مرۆیی کە بەخشراون لەلایەن ١٠ ئەندامی وولات یان بەرهەمهێنراون لەلایەن ٧ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی/ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

### ئاو و پێداویستی تەندروستی و خاوێنکەرەوە

پێویستیەکان:

- تەلەفۆنی فریاکەوتنی پارێزگای دهۆك چوار ناوچەی سەرەکی دەستنیشانکردووە: زاخۆ، خانکێ، شاریە، شاری دهۆك و باتێڵ. زیادکردنی خزمەتگوزاریەکان لەلایەن ئاوارەی کەمپەکانی خانکێ، باجێت کەندەڵە داواکراون لەو کاتەی ئامادەکردنی کەمپی زیاتر لە شاریە و شوێنی تر لە ناو پارێزگاکە هەیە. ئەمەش داوای کۆمەکی دارایی زیاتر دەکات و زیادکردنی تواناکان لە هەموو هاوکاران.

- دەسەڵاتدارانی پارێزگای کەربەلا داوایەکی فەرمیان کردووە لە هاوکاران بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و چاودێری جۆری ئاو. کێشەکانی پەیوەندیدار بە پێداویستیە سەرەکیەکان ڕاپۆرت کراون، بەتایبەتی بۆ ئافرەتان و کچان کە لە تەلعەفەر هەڵاتوون (موسڵ) و ناوچە ململانێکانی تر و کە پێویستی بەپەلەیان هەیە لە پێداویستی پەروەردەی سوری مانگانە هەروەها دابینکردنی کلێنسی خاوێنکردنەوە.

وەلامدانەوە:

- زیاتر لە ٦٧ تەنکەر هەموو ڕۆژێ هەڵدەستن بە دابینکردنی ٥٠٠٠٠ بۆ ٦٠٠٠٠ لیتری ئاو بۆ خەڵك لە شاری دهۆك. نزیکەی ٢٣٧ تەوالێت لە کەمپەکان چەسپکراون و شوێنی نیشتەجێبوونی نافەرمی کە خزمەت بە ٩٤٨٠ خەڵك دەکەن.
- لە هەولێر، تانکەرەکانی ئاو خزمەت بە نزیکەی ١٠٠٠٠ خەڵك دەکەن لە هەشت شوێنی کەمپەکانی عەنکاوە و بەحرکە.
- لە خانەقین، ٧٥ تەوالێت چەسپکراون لە عەلیاوە و کەمپی کۆنی بەهار تازە کە خزمەت بە نزیکەی ٣٠٠٠ خەڵك دەکات.

## بۆشاییەکان و سنورەکان:

- دانیشتوویەکی زۆر لە شارەکانی زاخۆ و دهۆك لە پارێزگای دهۆك بە دوای سەنتەرەکانی کۆکردنەوەی شوێنی نیشتەجێبوون دەگەڕێن، لەوانە قوتابخانەکان و شوێنی نیشتەجێبوونی نافەرمیەکان کە زۆر پێویستیان بە دەستگەیشتن بە ئاسانکاریەکانی پێداویستیەکانی خاوێنکەرەوە هەیە. دەستنیشانکردنی شوێنەکان، هەڵسەنگاندنی پێویستی و وەڵامدانەوە ئەستەمن بەهۆی ژمارەیەکی زۆری شوێنەکان و گۆڕانی دانیشتوەکان.
- سنورداری ئاسایشی شەقام و دواکەوتنی ماوە درێژ لە بەدەستهێنانی پاککردنەوە کە کاردەکاتە سەر وەڵامدانەوەی هەرەمەکی.

## ئاسایشی خۆراك

پێویستیەکان:

- زیاتر لە ١٥٢٨ ملیۆن خەڵك دەخەملێنرێن کە پێویستیان بە هاوکاری خۆراك هەبێت.
- کۆمەڵگاکانی خانەخوێ بەردەوامن لە ڕووبەڕووبوونەوەی کەمی خۆرك، زیادبوونی نرخەکان و بێ هیوابوون لە ژیان.

وەڵامدانەوە:

- هاوکاری خۆراك ئێستا گەیەنراون لە ڕێگەی چیشتلێنانی مەیدانی، وەڵامدانەوەی بەپەلەی خۆراك و پارچەکانی خۆراك بۆ نزیکەی ١،٢ ملیۆن خەڵك لەسەرتاسەری ووڵات.
- لە پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر، لەوەتەی ٣ی ئاب ٢١٠٠٠٠ خەڵك هاریکاریکراون بە ژەمی گەرم، نزیکەی ٢١٠٠٠ پارچەی وەڵآمدانەوەی بەپەلەی خۆراکی دابەشکراون، و نزیکەی ٢٣٠٠٠ خانەوادە هاریکاریکراون لەڕێگەی پارچەی خۆراکی.
- دەستگەیشتن بە ڕێگای نوێ بۆ ئاوارەکان پشتڕاستکراوەتەوە وەکو پسولە و هاوکاری ماددی و چاڵاکیەکانی هاوکاری بازاڕ.

## بۆشاییەکان و سنورەکان:

- سەرەڕای باشتربوونی دەستگەیشتن بە مرۆیی لە هەندێ ناوچە، دەستنەگەیشتن بە هەندێ ناوچەی ململانێ بەردەوامە لە ئەستەمی هاریکاری خۆراك بۆ زۆربەی دانیشتوانی کە پێویستیان پێیە.

## شوێنی حەوانەوە و ماددەکانی کە خۆراك نین

پێویستیەکان:

- بە گوێرەی بەدواداچوونی ئاوارەبوونی ئەم دواییەی ڕێکخراوی کۆچبەرانی نێودەوڵەتی، شوێنی حەوانەوە و ماددەکانی کە خۆراك نین لە بەشی دووەمی پۆلینکردن دابوون لەلایەن ئاوارەکان وەکو پێویستیەکی سەرەکی.
- ئاوارەکان لەو شوێنانەی خوارەوە نیشتەجێ بوون: لەگەڵ کۆمەڵگای خانەخوێ (لەسەدا ٣٢%)، لە ماڵە بەکرێگیراوەکان یان ئوتێلەکان (لەسەدا ٢٧%)، لە قوتابخانەکان و باڵەخانە ئایینیەکان (لەسەدا ١٢%)، باڵەخانە چۆڵکراوەکان (لەسەدا ١١%) و لە کەمپەکان (لەسەدا ٤).
- گروپەکانی کە هەرە لەمەترسیدان لەوانە کەمایەتیەکان لەگەڵ کەمێك یان هیچ پەیوەندیەکی دامەزراو لەگەڵ کۆمەڵگای خانەخوێ، ئاوارەکان لە باڵەخانە چۆڵکراوەکان دەژین یان لە شوێنی کراوە و ئەوانەی کە لە بارودۆخی زۆر قەرەباڵغ ژیان بەسەردەبەن.

وەڵامدانەوە:

- هەروەك لە ٢٨ی ئاب، کۆی ژمارەی شوێنەکان کە ٢٦ شوێن لە شاری دهۆك و سلێمانی و هەولێر دەستنیشانکراون.
- کۆی ١٣٣٠ ڕەشماڵ و ٥٤١٠ پارچەی پلاستیکی دابەشکراون لە هەرێمی کوردستان کە هەڵدەستێ بە دابینکردنی توانای شوێنی نیشتەجێبوون بۆ نزیکەی ٤٠٠٠٠ خەڵك.
- ٥٤٢٧٠ کەس سوودیان وەرگرتووە لە کەل و پەلە پێداویستیە سەرەکیەکانی فریاگوزاری لەوانە (فەرش، گالۆن، بەتانی) لە باکوری عێراق.

### بۆشاییەکان و سنورەکان:

- نزیکبونەوەی وەرزی زستان لە باکوری وولات نیگەرانیەکی تایبەتە. تۆڕی دابینکارانی شوێنی حەوانەوە کاردەکەن لەسەر دانانی ستراتیژی زستانە بۆ ئەوەی ئامادە بێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخە قورسەکانی زستان.

## تەندروستی

پێویستیەکان:

- بارودۆخی قورسی ژیان لەنێوان ئاوارەکان، دەستپێدەکات لە زیادبوونی نەخۆشیە گواستراوەکانی کە پەیوەندیدارن بە دەستگەیشتنی سنوردار بە ئاو و پێداویستی خاوێنکەرەوە. بۆ نموونە، نۆرینگەیەکی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە شارۆچکەی شاریە (دهۆك) زیادبوونێکی بە خۆیەوە بینیوە لە حالەتەکان لە سەدا ٥٠%، لە نزیکەی ٨٠ ڕاوێژکاری بۆ ١٢٠ حالەت بۆ هەر ڕۆژێك لەگەڵ لەسەدا ٤٠%ی نەخۆشەکان نارەزایی دەردەبرن لەسەر ووشکبوون و ڕشانەوە.
- پێکدادانەکان لە ناوچە ململانێکان بوونەتە هۆی بریندار‌بوونی سەدان و نەخۆشەکان ڕەوانەی نەخۆشخانەی جۆراو جۆر کراون کە زیانیان بەرکەوتووە وەکو خانەقین (دیالە).

وەڵامدانەوە:

- خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان دووبارە دەرگاکانیان کراونەتەوە لە کەمپەکانی چۆڵکراوی پێشووتر وەکو کەمپی گەرماوە لە (موسڵ) و کەمپەکانی ئاوارە نوێ یەکان.
- ژمارەیەك لە بەخشینەکانی پزیشکی لەوانە دەرمانە زۆر پێویستەکان بۆ ٦٠٠٠٠ خەڵك بۆ ماوەی دوو مانگ، و ماددەکانی نەشتەرگەری و جل، بەدەستیانگەیشتووە و بارهەڵگری زیاتر لە ڕێگادان.

- هاوکارانی تەندروستی نوێ گەیشتوونەتە هەرێمی کوردستان و ئەگەری هاوکاری دەدۆزنەوە بۆ نۆرینگەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی و نەخۆشخانەکان.

## بۆشاییەکان و سنورەکان:

- سیستەمی تەندروستی زۆر بە قورسی پچڕاوە لە تەلکێف و مەخمور (موسڵ)، لەو شوێنەی کە تەنها ٣ لە ٢١ باڵەخانەی تەندروستی چالاکن.

## پاراستن

پێویستیەکان:

- شوێنی حەوانەوە وەکو کێشەیەکی گەورە دەمێنێتەوە لە سەرتاسەری وولات. ئاوارەکان لە شوێنی نیشتەجێبوونی نەشیاو دەژین لەوکاتەی ئەوانی تر خانوو بەکرێ دەگرن بەبێ هیچ سەرچاوەیەکی داهات. دوابەدوای ئەوە، هاریکاری دارایی پێویستە بەردەوام بێت.
- ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکان داوای هاریکاری یاسایی دەکەن کە پەیوەندیدارە بە بەڵگەنامە و تۆمارکردن لەگەڵ حکومەت بۆ خزمەتگوزاریەکان و هاریکاری.
- فەراهەمکردن و دابینکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی لە شاری دهۆك باشتر دەبێت، هەرچەندە نرخی دەرمان وەرگرتن، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە، سنوردارکردنێکی گەورەیە بۆ ئاوارەکان بەبێ سەرچاوەی دارایی. پێوسیتیە گشتیەکان بۆ خزمەتگوزاری دەروونی بەردەوام ڕاپۆرت بکرێن، بەتایبەتی لە شاری دهۆك.

وەڵامدانەوە:

- لە ڕێگەی بەردەوامی چاودێری پاراستن لەوەتەی مانگی شوبات، هەڵسەنگاندنەکان جێبەجێکراون بۆ ٢٠٤٩٢٧ کەس (٣٥٢٥٠ خێزان)، لەگەڵ ٦٣٩٧ حالەت کە سەلمێنراون بۆ هاریکاری دارایی، هاریکاری یاسایی دابینکراوە بۆ ١٠٧٦٣ حالەت، و گەرانراوەکان جێبەجێکراون بۆ ٣٦٦٦ کەس لەگەڵ پێویستی دیاریکراو.
- لە شاری دهۆك، زیاتر لە ٢٠٠٠ لەو ئاوارانەی کە زۆر زیانیان بەرکەوتووە توانراوە پێوەری زیانەکانیان بزانرێت بۆ پێدانی دارایی. دابەشکردن پێشبینی دەکرێت دەستپێبکرێت بەم زوانە.
- زانیاری بەفراوان لە نامەناردن بۆ کۆمەڵگای ئاوارەکان لەسەر پەنابەرێتی و دووبارە هاوڵاتیبوون لە ژێر پەرەپێدان دایە.

## بۆشاییەکان و سنورەکان:

- ئاوارەبوون تەحەددای گەورەی خولقاندووە بۆ ئاوارەکان هەروەها دەسەڵاتداران لە پەیوەندی دڵنیایی نوێکردنەوەی بەڵگەنامەی باری شارستانی، کە ئێستا بە کەڵ و پەلەکان بەستراوە و کەمی سەرچاوەکان لەگەڵ بەربەستەکانی بیۆکراتیکی زیاتر لەگەڵ یەك تێکەڵ دەبن.
- چاودێرانی پاراستن ژمارەی زیادبووی لێپێچینەوەکان وەردەگرن لەوەی کە ئایا ئاوارەکان دەتوانن داوای پەنابەرێتی بکەن یان هاریکارییکرێن بۆ دووبارە نیشتەجێبوونەوە لە وولاتیکی تر.  بڵاوکردنەوەی زانیاری بۆ کۆمەڵگا لەسەر ئەو کێشانە پێویستە، هەروەك پێشبینیەکان لەم بارەیەوە بە بەرزی دەمێننەوە لە نێوان ئاوارەکان. هاوکارانی دەروونی نیگەرانن کە نامە ناردن لەسەر داوای پەنابەرێتی و پێویستیەکانی دووبارە نیشتەجێکردنەوە بە هەستیاری جێبەجێبکرێ بۆ دڵنیاکردنەوەی کە کاریگەری خراپی نابێت.

## پەروەردە

پێویستیەکان:

- منداڵان لەوانە تەمەنی پێش قوتابخانە، کچان، و منداڵانی دەرهێنراو، داوای دەرفەتی جۆری پەروەردە دەکەن.
- خزمەتگوزاریەکانی دەروونی و تەندروستی بۆ منداڵان و مامۆستاکان پێویستە تەواوبکرێت لە هەموو چاڵاکیەکانی پەروەردەیی.

وەڵامدانەوە:

- ژمارەیەك لە چاڵاکی پەیوەندیدار بەردەوامی هەیە بۆ دابینکردنی ژینگەی فێربوون بۆ منداڵان.
- گفتوگۆکانی سەبارەت بە کردنەوەی قوتابخانەکان، ناردنی مامۆستاکان ( لەوانە مووچەکان و پاداشتەکان) و خستنە ناوەوەی قوتابخانەکان لە نەخشەکانی کەمپ بەردەوامی هەیە بۆ هاوکاری ئامادەکاری بۆ دەستپێکی ساڵی نوێ ی خوێندن.
- نزیکەی ٤٠٨ قوتابی لە کەمپی بەحرکە (هەولێر) و ١٣٠ قوتابی تر لە شەقلاوە (هەولێر) بەژداریدەکەن لە چاڵاکیەکانی فێربوون. ١١٩ قوتابی تر لە شاری هەولێر و ٦٣ منداڵ لە شاری دهۆك بەژداری دەکەن لە پۆلەکان، دوو کەرتی منداڵانەی جولاو لەو شوێنەی کە چاڵاکیەکانی پەروەردەیی و پاراستنی منداڵ تەواودەکرێن، لە پارێزگای دهۆك کاردەکەن. لە تێکرای ٧٠ منداڵ لە دهۆك و ٣٤ منداڵ لە زاخۆ هەموو ڕۆژێ بەژداری دەکەن.

### بۆشاییەکان و سنورەکان:

- هیچ ژمارەیەکی تەواو نیە لە منداڵانی ئاوارەبوو کە هەن، وەکو پۆلینێکی زانیاری لە تەمەن و ڕەگەز کۆنەکراونەتەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانیووڵات.

## Logistics

پێویستیەکان:

- هاوکارانی مرۆیی ڕووبەڕووی ئەستەم دەبنەوە لەگەڵ پاککردنەوەی پێویست و کات سنوردار لە گەشتەکانی بارهەڵگری هاتوو لە بەخشەرانی ووڵاتە ئەورووپیەکان. کەمی  توانای کەل و پەلەکان، بەڵگەنامە، و گەشتە پێشبینینەکراوەکان دەبنە هۆی سەرلێشێواندن لەنێوان هاوکاران.  .
- دابەشکردن لە دهۆك لە نێوان هاوکاران ڕاپۆرتکراوە کە بەردەوامی هەیە و کۆمەکی زیاتر پێویستە بۆ ئارامکردنەوەی بەپەلەی ناوچەکە.

وەڵامدانەوە:

- گرووپی تۆڕی دابینکارانی کەل و پەل بەردەوامن لە دابینکردنی هاریکاری بۆ ڕێکخراوەکانی کە بارهەڵگری هاتوو وەردەگرن و بەخشینەکان کە لەلایەن حکومەتە ئەوروپیەکان دەنێردرێن و لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر وەردەگیرێن. لەوەتەی ١٤ی ئاب، گرووپی تۆڕی دابینکارانی کەل و پەل ئاسانکاری کردووە لە پاککردنەوەی گومرگ. گواستنەوە و خەزنکردنی ١٤ گەشتی بارهەڵگر بۆ ڕێکخراوە مرۆییەکان لەگەڵ توانای سنورداری کەل و پەل. بڕی ئەو بارهەڵگرە پێك دێت لە ٢٢٠ تەن مەتری چوارگۆشە و خۆراك و ماددەی کە خۆراك نین لە بەخشەرانی ووڵاتە ئەورووپیەکان.
- ڕێبەری بۆ بەڕێوەبردنی بەخشینەکانی دوولایەنە دابەشکراوە بەسەر هاوکارانی گرووپی کەل و پەل و نووسینگەی گفتوگۆیەکان بۆ هاوکاری مرۆیی بۆ یارمەتیدان بە هێنانی زانیاری بۆ ڕێبەری کردنی بەخشەران. دەتوانرێ دەستبگەیەنرێت بە زانیاری لەسەر هێڵ.
- تۆڕی دابینکارانی کەل و پەلی ئاژانسی ناوخۆی کۆگا لە شاری دهۆك ٨٠٠٠ پێداویستی ناو ماڵ بۆ ئاو و خاوێنکردنەوە و هاوکارانی تۆڕی پێداویستی بۆ دابەشکردن. داوایەکان بۆ خەزنکردن بەردەوامی هەیە.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- تۆڕی دابینکارانی کەل و پەلی ئاژانسی ناوەخۆی کۆگا لە شاری دهۆك ٨٠٠٠ پێداویستی ناو ماڵ بۆ ئاو و خاوێنکردنەوە و هاوکارانی تۆڕی پێداویستی بۆ دابەشکردن. داوایەکان بۆ خەزنکردن بەردەوامی هەیە. س
- هاوکاران داوای هاوکاری زیاتریان کردووە لە گروپی دابینکارانی کەل و پەل بۆ پاککردنەوە و گواستنەوە و خەزنکردن لە کۆگا لە شاری هەولێر بۆ گەشتە بارهەڵگرەکانی کە لە ڕێگادان، لەبەرهەندێ هاوکاری بەردەوامی هەیە.

## ڕێکخستنی گشتی

گروپی ڕێکخستنی دابینکردنی کەل و پەل لە پێنج شەم ٢٨ی ئاب کۆبوویەوە و باسیان لە پلانێك کرد بۆ چاوپیاخشاندنەوەی تێڕوانینی پێویستیەکانی مرۆیی و پلانی وەڵامدانەوەی ستراتیژی. ڕێکخەرانی دابینکاران، لەژێر سەرکردایەتی سەرکردەکانی گروپی دابینکاران، لە پرۆسەی چاوپیاخشاندنەوە دایە. دەتوانرێ خشتەی کۆبوونەوەی ڕێکخستن لە ماڵپەری

بدۆزرێتەوە. http://iraq.humanitarianresponse.info.

**زانیاری لەسەر قەیرانەکە**

لەوەتەی کەوتنی موسڵ لە ٩ی حوزەیران، گروپە چککدارەکانی ئۆپۆزسیۆن، لەوانە بەعسیەکان، میلیشیا عەشایریەکان و ئەندامانی پێشووی ڕژێم / سەربازی، شان بە شان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و ڕۆژهەڵاتی عەرەبی، ڕووبەرێکی فراوانیان لە پارێزگاکانی عێراق کۆنترۆڵکردووە لەوانە موسڵ، سەلاحەدین و دیالە. شارەکانی موسڵ و تکریت و تەلعەفەر و بێجی و قوایەرە و سنجار و سلێمان بەگ و ڕەشید و حەوێجە و ریاز و فەلەجە و سەقلاویە، ئێستا لەژێر کۆنتۆڵی گروپە چەکدارەکانی بەرهەڵستکاران دان. لەوەتەی مانگی ١ ڕووبەرێکی زۆری ئەنبار لە ژێر کۆنترۆڵی داعش دایە. ئەمەش بووە هۆی ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ناوخۆی عێراق. ئێستا عێراق بە گەورەترین دانیشتوانی ئاوارەبووی ناوەخۆ لە هەموو جیهان دادەنرێت؛ زیاتر لە 1.8 ملیۆن ئاوارەبووان هەن لەوەتەی مانگی ١ی ئەم ساڵ.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە:

**For further information, please contact:** :
**Barbara Manzi,** Head of Office, manzi@un.org,
Mobile Iraq: +964 (0) 750 312 9201
For more information, please visit https://iraq.humanitarianresponse.info